مەسرور بارزانی پێشوازیی لە باڵێزی ئوسترالیا لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە گلەن مایەز باڵێزی ئوسترالیا لە عێراق کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڵاویکردەوە لە دیدارەکەدا، هەردوولا هاوڵابوون لەسەر گرنگیی پەرەپێدانی پێوەندی دوولایەنە و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و هەرێمی کوردستان و ووبەووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر لەسەر ناوچەکە.

پێویستیی چارەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور و دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم ، هەروەها گرنگیی بەوچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکی گونجاوی ئەمساڵ لە پرسیەکی ئازاد و دادپەروەرانە و بە بشداری و پاراستنی مافی پێکهاتەکان، بشێکی دیکەی گفتوگۆکانی کبوونەوەکە بوون.